# دیاریکردنی جێگری سەرۆکی دەستە

١

د. مریوان صابر حمد
بەڕێوەبەری گشتی
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت
دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان

# (یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی )



- ماددەی یازدەم:

**یەکەم: سەرۆکی دەستە (جێگر)ێکی هەیە، کە بەپلەیەکی تایبەتە و بەپێی پاڵاوتنی سەرۆك بەمەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێت.**

أولاً: لرئيس الهيئة (نائب) يعين بمرسوم اقليمي بناءاً على ترشيح من الرئيس ويكون بدرجة خاصة.

**دووەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی یان بەڕێوەبەرانی گشتی بدات.**

**ثانياً**: لرئيس الهيئة أن يخول بعض صلاحياته لنائبه أو المدراء العامين.

# (پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی گشتی دەسپاکی)



## بەشی چوارەم
## جێگری سەرۆکی دەستە

- ماددەی(١٤):- سەرۆکی دەستە جێگری سەرۆکی دەستە کاندید دەکات دوای ڕاگەیاندن کردنەوەی دەرگای خۆکاندید کردن بۆ ئەو پۆستە ، وە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن لە لایەن لیژنەیەکی هەڵسەنگێنەر بۆ کاندیدەکان .
- ماددەی(١٥):-

یەکەم: سەرۆکی دەستە لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن پێك دەهێنێت .

دووەم: لیژنە پێوەرەکانن بە شیاوتر زانین دادەنێت ، وە بڵاویان دەکاتەوە لە ڕاگەیاندن کردنەوەی خۆکاندید کردن بۆ ئەم پۆستە .

سێیەم: لیژنە ناوی سێ باشترین کاندید کە مەرجەکانیان تێدا فەراهەمە بۆ سەرۆکی دەستە بەرزدەکاتەوە بۆ دیاریکردنی یەکێکیان وە بەرزکردنەوەی ناوی بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ دەرکردنی مەرسومی هەرێمی بە دامەزراندنی جێگری سەرۆکی دەستە بە پلەی تایبەت ئەرك و دەسەڵاتەکانی .

# (پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی گشتی دەسپاکی)



- ماددەی(١٦):- مەرجەکانی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی دەستە بریتین لە :

یەکەم: بەلای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی لە یاسا یان لە ڕاگەیاندن یان پسپۆڕیە هاوشێوەکان بێت ، وە لە بواری پسپۆڕایەتیەکەیدا بە لای کەمەوە (١٥)ساڵ بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و (١٢) ساڵ بۆ هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (١٠) ساڵ بۆ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا خزمەتێکی فعلی کردبێت.

دووەم: بە بەند کردن حوکم نەدرابێت لە سەر تاوانێکی ئەنقەست یان کەتنێکی ناکۆك بە شەرەف .

سێیەم: خاوەن بەرزترین پێوەری دەسپاکی و شیاوی و بێلایەنی بێت .

چوارەم: بەشدار نەبوو بێت لەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس پلانی بۆ داڕشتبن یان جێبەجێی کردبن یان کردوونی پێش ٩/٤/٢٠٠٣ .

پێنجەم: سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسیەوە نەبێت.

# (پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی گشتی دەسپاکی)



- ماددەی (١٧):
- یەکەم: جێگری سەرۆکی دەستە هەڵدەستێت بە پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆکی دەستە پێی دەسپێرێت ، وە هەڵدەستێت بە پیادەکردنی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان و ئەم پەیڕەوە ناوخۆییەدا هاتوون .
- دووەم: جێگری سەرۆکی دەستە شوێنی سەرۆکی دەستە دەگرێتەوە لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی یان بە هەر هۆکارێك تواناي ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەزیفەی نەبێت ، وە ئەو کات بە گوێرەی حوکمەکانی یاسا هەڵدەستێت بە پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکان .
- سێیەم: نووسینگەی جێگری سەرۆکی دەستە بەڕێوەدەبرێت لە لایەن فەرمانبەرێك کە بە لای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بە دەست هێنابێت بە پلەی بەڕێوەبەری بەش کە ئەرکی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆك لە ئەستۆ دەگرێت ، وە پێکدێت لە هۆبەی سکرتاریەت و چەند هۆبەیەك کە بە فەرمانی سەرۆکی دەستە لە سەر پێشنیاری جێگری سەرۆکی دەستە دروست دەکرێن لە ژێر ڕۆشنایی پێویستیەکانی ئەرك و دەسەڵاتەکانی .